سەرۆک کۆمار: گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشەیە بەسەر ئاسایش و سەقامگیریی جیهان

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال رەشید لە پەراوێزی کارەکانی کۆنفرانسی لوتکەی نەتەوە یەکگرتوەکان بە کەشوهەوا (COP28) چاوی بە بەڕێز یانس ستۆلتەنبەرگ ئەمینداری گشتی پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) کەوت.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی کۆمار لە دیدارەکەدا، کە لە دوبەی بەڕێوەچو و هەردوو بەڕێزان د.فوئاد حسێن وەزیری دەرەوە و نزار ئامەدی وەزیری ژینگە ئامادەبون، باس لە ڕەوشی ئاسایش و سیاسی لە گەڕەپانی نێودەوڵەتی و کارەکانی کۆنفرانسی کەشوهەوا (COP28) کرا، لەوبارەیەوە سەرۆک کۆمار دوپاتیکردەوە، کە گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشەیە بەسەر ئاسایش و سەقامگیریی جیهان، هەربۆیە گرنگە پەیوەندییەکان پتەوبکرێن و ئاسەی هاریکاری لەنێوان هەموان بە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو مەترسیانە فراوان بکرێت.

هەر لە دیدارەکەدا، سەرۆک کۆمار ڕەوشونەکانی عیراقی لە ڕەی وەزارەتی ژینگە و وەزارەت و پەکهاتە و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکومەتەوە بە کەمکردنەوەی دەرهاویشتە نەگەتیڤەکانی گۆڕانی

کۆشوەوا و بەرەنگاربونەوەی وشکبون و کەمبونەوەی ئاو و بنبڕکردنی بەبیابانبون، رونکردەوە.

لە بەشکی دیکەی دیدارکەدا، سەرۆک کۆمار هەوەستی چەسپاوی عیراقی لەبارەی پرسی فەستین دوپاتکردەوە و ئیدانەی دەستدرێژیەکانی سەر هاووەاتیانی سفیلی کرد، بە پەویستیشیزانی کەمگەی نەودەوەتی هەوەستی روون و راشکاوانەی هەبەت دژ بەو پەشلکاریانەی دەرهەق بە گەلی فەستین ئەنجام دەدرەن، سەرەای پەدانی مافی چارەی خەنوسین.

لەلایەن خەیەوە ئەمینداری گشتی پەیمانی باکوری ئەتەسی ستایشی رەی گورەی عیراقی کرد لە بنبڕکردنی تیرەر و رەخساندنی بنەمای ئاشتی لە ناوچەکە و بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە عیراقدا.